## سڵاوێک بۆ جەمال عەزیز. . . . . . !! سۆران عومەر

نەمویست وەڵامت بدەمەوە (جەمال عەزیز) تائەوکاتەی ئەوەی تۆ بەرگریت لێ دەکرد وا ئەمڕۆ کەوتە بە ڕەخنەی خۆت و بۆت دەرکەوت کە (حەمە سەعی حەسەن) چۆن نامە بۆ دەسەڵاتدارانی هەولێر دەنوسێت!! ئەو نامەیەی کە خۆت وتەنی 40 وشە زیاتر نەبوو.
تۆ وەڵامێکت نوسی بۆ ڕەدێکی من لەسەر حەمەسەعی بەڵام هێندە لاوازو لاوەکی بوو ڕێگەم بەخۆم نەدا بکەومە ئەو ئاستە، ئیستە بۆت ڕون بویەوە کە ماهیەتی نوسەرێکی بەناو مرۆڤ دۆست و ڕەخنەگرو خەباتگێڕو شیوعی و. . . . . . . . تد چۆن حەقیقەتی لەکاتی هەڵوێست وەرگرتن دا ئاشکرا دەبێت، بۆیە پێت دەڵێم کاك جەمال باشتر وایە لەبەرگری کردنی سۆزداری وازبێنیت لەنوسین دا تا ئەوساتەی بەجدی ئەو نوسەرە دەناسیت کە بەرگری لێ دەکەیت بۆ ئەوەی کە لە نوسینەکانی کۆنت پاشگەز نەبیتەوە! منیش لەم 40-50 وشەیە زیاترم بۆ تۆ نیە بەهیوای ئەوەی باشتر بەرامبەر بناسیت.

سلێمانی
rahand@soranomar. com